هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣٤

سالی/ ٢٠٠٤ – بەرگی سی و چوار

چاپی یەکەم/ سالی ٢٠٠٤

# پێرست:


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤٠) خولی گواستنەوه – پێنج شەممه ٢٠٠٤/٢/٥ ل٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤١) خولی گواستنەوه – پێنج شەممه ٢٠٠٤/٣/٤ ل٢٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤٢) خولی گواستنەوه – پێنج شەممه ٢٠٠٤/٦/١٧ ل٥٢

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤٣) خولی گواستنەوه – دوو شەممه ٢٠٠٤/٦/١٩ ل٨٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤٤) خولی گواستنەوه – یەك شەممه ٢٠٠٤/٧/٤ ل١٥٣

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤٥) خولی گواستنەوه – شەممه ٢٠٠٤/٧/٢٤ ل١٥٨

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤٦) خولی گواستنەوه – شەممه ٢٠٠٤/٨/٧ ل١٨١

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤٧) خولی گواستنەوه – چوار شەممه ٢٠٠٤/٩/٢٢ ل٢٠٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤٨) خولی گواستنەوه – سێ شەممه ٢٠٠٤/٩/٢٨ ل٢٤٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤٩) خولی گواستنەوه – سێ شەممه ٢٠٠٤/١٠/٥ ل٣٠٢

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٥٠) خولی گواستنەوه – سێ شەممه ٢٠٠٤/١٠/١٢ ل٣٤٧

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٥١) خولی گواستنەوه – چوار شەممه ٢٠٠٤/١١/٣ ل٣٧٣

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٥٢) خولی گواستنەوه – چوار شەممه ٢٠٠٤/١١/١٠ ل٤٤٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٥٣) خولی گواستنەوه – چوارشەممه ٢٠٠٤/١١/١٧ ل٤٧٧

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٥٤) خولی گواستنەوه – شەممه ٢٠٠٤/١١/٢٠ ل٤٩٢

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(٥٥)خولی گواستنەوه – پێنج شەممه ٩/ ٢٠٠٤/١٢ ل ٥٣٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٥٦) خولی گواستنەوه – شەممه ١٥/ ٢٠٠٥/١ ل ٥٥٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(٥٧)خولی گواستنەوه – یەك شەممه ١٦/ ٢٠٠٥/١ ل ٥٨٨

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(٥٨)خولی گواستنەوه – پێنج شەممه ٧/ ٢٠٠٥/٤ ل ٥٩٠

ئەندامی بەڕێزی لیژنەی یاسا دەكەم بفەرموونە سەر مەنەسەكە، هەروەها دوو ئەندامی بەڕێزی لیژنەی ماڤی ئافرەتان، بەڕێزان پێش ئەوەی دەست بەكار بین، بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێزان وەفدی پارتی دیموكراتی كوردستان لەسوریا ئەكەین، كە ئەمڕۆ میوانە لێرە لە ئەنجومەن، هەروەها بەخێرهاتنی دەستەیەك لە خوشكانی بەڕێز ئەندامانی ڕێكخراوی ئافرەتان و ژنان لە كوردستاندا دەكەین، كە ئەمڕۆ ئامادەن و میوانن، هەموو لایەكیان بەخێربێن، تكایە پرۆژەی یاساكە بۆ یەكەم جار بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز احمد شریف:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان.

بابەت/ پرۆژەی یاسا

ئێمەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان، بە پێی حوكمەكانی مادده (٥٣) لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ وبڕگە یەك لە مادده حەفتاو یەكی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار كراو.

هاوپێچ: پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای كارپێكردنی یاسای باری كەسایەتی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموار كراو لە هەرێمی كوردستانی عێراقتان بۆ بەرزدەكەینەوە و پێشكەش كردنی بۆ دانیشتنی ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ بڕیار دان لەسەری لەگەڵ ڕێزماندا.

ناوەكان:

١- د. ناصح غفور رمضان
٢- احمد شریف علی
٣- كاكەرەش محمد نقشبندی
٤- د.عزالدین مصطفی رسول
٥- علی عبدالله احمد
٦- نهلە محمد
٧- صلاح الدین عبدالحمید
٨- اسماعیل مردان
٩- یاسین محمد عبدالقادر
١٠- حمه علی تۆفیق
١١- یار احمد افراسیاب
١٢- عفان نقشبندی
١٣- حسن صالح روستم
١٤- نادر محمد قادر
١٥- گلاوێژ جباری.

بەڕێز محمد سعيد يعقوبى:

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان – العراق

# قانون

## رقم ( )لسنة ٢٠٠٤

## قانون سريان نفاذ قانون الأحوال الشخصية رقم (١٨٨) لسنة ١٩٥٩المعدل

## في اقليم كوردستان– العراق

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٤تشريع القانون الآتي:

**المادة الأولى:**

يعتبر نفاذ قانون الأحوال الشخصية رقم (١٨٨)لسنة ١٩٥٩ المعدل سارياً في اقليم كوردستان – العراق.

**المادة الثانية:**

يعتبر القانون المذكور في الفقرة أعلاه بمثابة القانون الخاص باقليم كوردستان–العراق في حالة نفاذ قرار مجلس الحكم رقم (١٣٧) الصادر في٢٩ / ١٢ /٢٠٠٣ أو أي قرار أو قانون يؤدي الى إلغائه صراحةً أو ضمناً.

**المادة الثالثة:**

على مجلس وزراء اقليم كوردستان–العراق والجهات ذات العلاقة تنفيذ هذا القانون.

**المادة الرابعة:**

يعتبر هذا القانون نافذاً اعتباراً من ٢٩/ ١٢/٢٠٠٣.

**المادة الخامسة:**

ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

د.رۆژ نورى شاوەيس

رئـــيس المجلس الوطني لكوردستان- العراق

الأسباب الموجبة

حيث أن قانون الأحوال الشخصية رقم (١٨٨) لسنة ١٩٥٩ يعتبر مكسباً مهماً لشعب العراق بعد أن وفق بين الأحكام الشرعية والقوانين الوضعية وآراء الفقهاء الأكثر أنسجاماً وتماشياً مع روح العصر لضمان استقرار حياة العائلة وحقوق الفرد من خلال توحيد مصادر القضاء بإيجاد تشريع موحد في أحكام الأحوال الشخصية لإقامة بناء عائلة مستقرة الأوضاع ضامنةً الحقوق الشرعية للمرأة التي تعتبر نصف المجتمع والأولاد وهم جميعاً عماد المجتمع ولبنات بنائه وصولاً لتحقيق العدالة والتوازن والأستقرار الأجتماعي ولما كان المجلس الوطني لكوردستان العراق قد أغنى قانون الأحوال الشخصية من خلال إضافات تشريعية خاصة باقليم كوردستان نالت الأستحسان من شتى قطاعات المجتمع الكوردستاني وشرائحه في حينه وإن العمل بقرار مجلس الحكم المشار اليه يعني إلغاءًا للأحكام المضافة وتشكل خطوة الى الوراء لم ولن تلق القبول العام وبما أن القرار رقم (١٣٧) الصادر في ١٢/٢٩ / ٢٠٠٣ سيؤدي في حالة نفاذه الى تعدد وتشتت مصدر الأحكام والى تبديد الثروة الكبيرة لأحكام القضاء والسوابق القضائية الشرعية المتراكمة منذ عقود عدة لذا فلقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیەلە حەقیقەتدا بەنیسبەت لیژنەكانەوە لە سەرۆكایەتی باسمان لێوە كرد، لە دوو شت زیاتر دیار نییە بەنیسبەت لیژنەكانەوە كە رای لەسەر بدەن، بە ئا یان بە نا، لە مەبدەئی ئیشەكە ئایا ئێمە لەسەر قانونی ئەحوالی شەخصی بڕۆین یان نەڕۆین، ئایا ئەو دەستكەوتانەی كە ئەم ئەنجومەنە بەڕێزە ڕێگای بۆ خۆش كردوون بۆ ئافرەتان،ئایا لێی پاشگەزببینەوە یان لێی پاشگەزنەبینەوە، بۆیە بۆ هەموو لیژنەكان هەیە لەبارەی ئەم پرۆژەوە قسەی تیا بكەن، چ وەكو ئەندامی پەرلەمان بەتەنیا، چ وەكو لیژنە، چونكە بارەكەش لە حەقیقەتدا وەزعەكە بەو شكلەیە كە لەوانەیە ئەم بڕیارە تا زووتر وەربگیرێت باشترە، بۆیە بڕیارمان دا لە هەر هەمان رۆژداگفتوگۆی ئەم یاسایە بكەین و بڕیاری لەسەر بدەین، ئەوە هەر بۆ تەوزیح بوو، ئێستائێمە دەست بە گفتوگۆ دەكەین یەكسەر لەسەر پرۆژەكە، بۆیە تكایە دیباجەكە و ماددەی یەكەمی بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز احمد شریف:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان- العراق

قانون

رقم ( )لسنة ٢٠٠٤

قانون سريان نفاذ قانون الأحوال الشخصية رقم (١٨٨) لسنة ١٩٥٩المعدل

في اقليم كوردستان– العراق

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٤تشريع القانون الآتي:

المادة الأولى:

يعتبر نفاذ قانون الأحوال الشخصية رقم (١٨٨)لسنة ١٩٥٩ المعدل سارياً في اقليم كوردستان – العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رای لیژنەی ماڤی ئافرەت لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز گەلاوێژ عبدالجبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکولیژنەی ماڤی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان پێمان باشە ئەو قانونی (١٨٨) لەساڵی ١٩٥٩ دەرچووە،ئەوە ساری مەفعول بێ لەهەرێمی کوردستانی خۆمان دا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس گەلاوێژ خان، لیژنەی ئەوقاف ئەگەر رایەکتان هەیە.

**بەڕێز مەلا محمدامین عبدالحکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی قانونی ئەحوالی شەخصی هەمووی کورتکراوەی ئەقوالەکانی ئیسلامە، ئینجا مەرج نییە لە فلان مەزهەب بێت و لە فلان مەزهەب نییە، بۆیە من پشتگیری لەیاساکانی قانونی ئەحوالی شەخصی دەکەم، و ئەوەی بەتایبەت لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک مەلا محمدامین چەمچەماڵی، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبکەنەوە، با ناونووسیان بکەین، یازدە ناو لای من نووسراوە، ناوەکان ئەم بەڕێزانەن: د.ناصح، احمد سالار، ابراهیم سعید، کاکەرەش محمد نقشبندی، حسین عارف، نهلە محمد سعدالله، د.عزالدین رسول، مەلا محمد تاهیر، رجب شعبان، کمال شاڵی، مەلا شاخی، دیارە هەموویان نووسراون، بەڕێز د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای ژمارە (١٨٨) ساڵی ١٩٥٩ وەکو لە ئەسبابی موجیبەی ئەم پرۆژەیەدا هاتووە، بۆ خۆی یەکێکە لەو دەستکەوتە گەورانەی کە گەلی عێراق لەدوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ بەدەستی هێناوە، بەتایبەتیش دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ ئافرەتانی عێراق، بۆیە پەرلەمانی کوردستان کاتی خۆی بۆ بەکاراکردن و چاکتر کردنی ئەم یاسایە، چەند هەموارکردنێکی پێشکەش کرد کە ئەوەش بەرەو پێش بردنی ئەم یاسایە بوو، بۆیە ئەم پرۆژەیەی کە ئەمڕۆ هاتووە، من پێم وایە پرۆژەیەکی زۆر باش و بەجێیە و ئەو دەستکەوتانەی کەوا تا ئێستا بەدەست هاتوون لە جیاتی ئەوەی زیادی بکەین، نەك بەرەو دواوە بڕۆین، بۆیە پشتگیری ئەم پرۆژەیە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك د.ناصح، فەرموو بەڕێز مەلا شاخی.

**بەڕێز ابو بکر محمد حاجی(مەلا شاخی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی مافی مرۆڤ، یاسای ئەحوالی شەخصی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ بە دەستکەوتێکی گەورە دەزانین، و هەر بڕیارێك دەربچێت بە پێچەوانەی ئەوەوە بە پێشێل کردنی مافی مرۆڤی دەزانین، بۆیە ئێمە پشتگیری لە یاسای دەستکاری کراو لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەکەین و بە دەستکەوتێکی باشی دەزانین بۆ تێکڕایی کۆمەلانی خەلکی کوردستان، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك مەلا شاخی، کاك احمد سالار فەرموو.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تکایە ڕێگە بفەرموون بەناوی لیژنەی پەیوەندییەکانەوە و ڕۆشنبیری پەرلەمانەوە، ڕا دەربڕم بەوەی کە ئەو یاسایە کە دوای شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ هاتۆتە ئاراوە، لە گەرمەی ئەو گۆڕانکاریانەدا بووە، لە پای ئەوە کە هاوشانی گەلانی پێشکەوتوو بینەوەو داکۆکی لە مافەکان بکەینەوە، بۆیە بەکارێکی پێشکەوتووی ڕەوا بینراوە، ئێمەش سوورین لەسەر ئەو هەموارکردنە، نەك ڕەتکردنەوەی، بەڵکو بە پەسندی دەبینین، لەگەڵ ڕێزو سوپاسماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك کمال شاڵی فەرموو.

**بەڕێز کمال ابراهیم فرج شاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن هەموولایەکمان دەزانین کە ئەم قانونە لە زەمانی عبدالکریم قاسمەوە دەرچووە، کە دفاعی لە ژن کردووە و مافی ژنی پاراستووە، ئەوانە دەیانەوێ ئێمە بگێڕنەوە بۆ هەزار و چوارسەد ساڵ لەمەوپێش، کە ئەم قانونە دواکەوتووەی ئەوان دەیانەوێ بیهێننە کایەوە، من لێرە یەك خاڵم هەیە دەمەوێ بیڵێمکە چۆن ئەو قانونە بەسەر ئەندامانی ئەنجومەنی حوکمدا تێپەڕیوە، سێ ژنی لێ یە، ئەی

ئـەم ژنانـە نوێـنەری ژنـانی عـێراقن، نوێـنەری کـوردن، نوێـنـەری کەمایەتیـیەکانن، یـانی ئـەو قانونـە دژی ئەوانیشـە، دووەم ئـەوەی کـە مـن بیستم کە برادەرانی نوێنەری کورد لەوێ نەبوون لەو کاتەدا، لەوە دەچوو بـە بۆچوونی من ئەگەر ئەوان لەوێ بوونایە نەیان دەهێشت کە ئەم قانوونە دەربچێت، چونکە ئەم قانوونە دەبێ بـە تـەوافق بێـت،ئـەمان لـە خۆیانـەوە قانونـیان دەرکـردووە دژی ژن، دژی ئافرەت، دژی مافی ئافرەت، لەبـەر ئەوە ئێمە پشتگیری قانونەکە دەکەین، داوا دەکەم ئەگەر ئەو قانونە دەوڵەمەند بکرێت بۆ ئەوەی کە قەزیـەی ژنان و ئافرەتان پێشکەوتووتـر بێت، دووەم بەم موناسەبەتەوە وەڵڵا ئێمە دوێنی بروسکەکەمان پێ گەیشت کە قانونەکە وامان زانی بەراستی جەماوەری سلێمانی و جەماوەری ئێرە، وامان پێ باش بوو کە ئەم دووکۆبوونـەوەی لـە نـێوان هـەردوو سـەرکردەو ئـێوەوە کـراوە، باسـی تەوحـیدی ئـیدارە بکـەین، باسـی رای مـیللەتی کـورد بکـەین بەرامـبەر بـە تیرۆرستان، باسـی مەوقـیفی خۆمـان لـە پەرلـەمان بکەین بەرامبەر بە قەزیـەی ریفـراندۆم، بەراسـتی ئـێمە بـەو حەماسـەوە هـاتووین، تەبعـەن ئـێمە لەگـەڵ ژنـانین و لەگـەڵ ئافـرەتانین هەرچیان بۆ بکرێت هەر کەمە،بەراستی داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەین سەقفێکی زەمەنی دابنـێین بـۆ تەوحـیدی ئـیدارەکان،ئەگـەر نەیکـەن بەراسـتی دەبـێ مەوقیفـێکی تـرمان هەبێـت بەرامـبەر هەموومان و هەمووتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ابراهیم سعید فەرموو.

**بـەڕێز ابـراهـیم سـعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئـەم عەصرە عەصری مـافی مـرۆڤە، پـێم سـەیرە کـە قانونـێك لـە صالحی ئافـرەت ساڵا ١٩٥٩ ی دەرکەڤیـت، لەجـیاتی ئـەوە ئـێمە بـێین پـتر مافـا بدەیـنێ و، فیعلەن پەرلەمانێ کوردستانێ قانونا پەنجاو نۆهێ وەکی لە ئەسـباب موجیبـەدا هاتی یا اغنا کری، و دبێتن ئێمە پتر ژ ئیقناع ببین، کەچی بێین دوایی چل و پێنج ساڵا وێقانونـا وان مافـا یـێ پێـنج و نۆهـێ ئەمـەش وان ژنـا وان مەحـروم کـرن، هـەروەها شـتێکی ڕەوایـە ل ڤێ جیهانێ و ل ڤـێ دونـیایێ نـاڤ گەلـەك دەوڵـەتا، گەلـەك جارا ویلایەتـەك هەیـە یـان هەرێمێك هەیە قانونێ ئـەحوالی شەخصـی وێ جودایە ش هەرێمێ دی تر بێت وێ دەوڵەتی، تشتەکی گەلەك تەبیعی یە، من نازانم مەصیری ئـەم قانونا بەراستی چی لێ هاتووە لە بەغدا، بەڵام ئەگەر نافز بێتن لە جیهەتی تری عێراقێ، مە ئـەو حـەق هەبـێتێ کـو ئـەم ئیحتـیفازێ ب نەفازا برِیارا پەنجێ و نۆها بکەین و تەعدیلاتێ ل سەر وێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.عزالدین مستەفا فەرموو.

**بەڕێز د.عزالدین مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشـتگیری قسـەکانی کـاك کمـال شـاڵی دەکـەم، دەربـارەی ئـەوەی کـە بەراسـتی دڵمـان خـۆش بـوو کـە ئەمـرۆ یەکگرتـنەوەی هـەردوو ئـیدارە دەبیسـتین و دەنـگ دەدەیـن بۆ وەزارەتـی تـازە، هـیوام وایـە ئـەوەش زۆر نـزیك بێـت، کـە مـیللەت چاوەڕێی ئەوەیانـە، لەوەشـدا بەرامـبەر بـەم یاسایە و پشتگیری کـردنی مافی ژنان، بـێگومان ئـەبێ ئـێمەوەکو پەرلـەمانی کوردستان لەگەڵی دابین و چەند هۆیەکمان هەیە کە وابزانم هەندێ

شت ئەبوایە لە ئەسبابی موجیبەکە بنووسرایە، یەکەم ئەو یاسایەی کە لەساڵی ١٩٥٩ دانراوە ئێمە زۆرمان بیرمانە ئەو وەختە وەزیری داد شەخصیەتێکی قانونی گەورەی مێژووی عێراق بوو ( مصطفی علی) ئەو لەگەڵ هەموو قانون ناسەکانی ئەو کاتە و لەگەڵ فوقەهای هەر پێنج مەزهەب، مەزهەبی جەعفەری و هەر چوار مەزهەبی سوننی کە دوانیان لە عێراقیشدا نین، رای هەر هەموویانی لەسەر بووە، ئەو کاتە، ئەو کاتەش شتێك بەرمبەری نەبووە لە لایەن بەناوی ئیسلامەوە و، بەناوی مەزهەبێکەوە هەموویان لەسەر ئەوە بوون، ئەوە لەلایەك لەلایەکی تر، دەبوایە لە ئەسبابی موجیبەکە بنووسرێت ئێمە کە خۆمان داوای ئەوە ئەکەین، خۆمان بە فیدراڵی دەزانین، ئێمە خۆمان جۆری فیدراڵیمان هەڵبژاردووە بۆ پەیوەندیمان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا و، ئەو حەققە هی ئێمەیە، هی پەرلەمانی عێراقی نییە، بە ئێمە بڵێت ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵی، ئێمە ئەو حەقە بە حەقی خۆمان دەزانین، ئێمە ئیختیاری فیدراڵیمان کردووە لە هەموو شوێنێك حکومەت وتوویەتی فیداراڵی حەقی هەندێك قانونی خۆی هەیە، مەرکەز تەنیا لە رووی مالی و لەرووی بەرگرییەوە، لەرووی دیفاعەوە حەقی هەیە قانونی یەکگرتووی هەبێت، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك قانون کە پەیوەندی بە ناوچەکەی ئێمەوە هەبێت، ئێمە خۆمان ئەتوانین بڕیاری لەسەر بدەین، سێهەم کە ئەوەشیان حەزم دەکرد مامۆستایان بیڵێن، مەلاکانمان، ئیسلام کە ئێستا تەوژمێك، تەیارێك هەیە من تەنها پێی ناڵێم کۆنەپەرست، بەڵکو دواکەوتوو، تەیارێکی موتەخەلیف لەگەڵ ئیسلامەکەی هەزار و چوارسەد ساڵ لەمەو پێشدا رێك ناکەوێت، شتمان زۆر وتوە لەبارەی تیرۆرەوە، لەوبارانەوە، بەڵام لەبارەی گۆڕینیشەوە خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتتاب دەڵێت(تتبدل الاحکام بتبدل الازمان)، هەر لەم مەسەلانە کە یەکیان ئەحوالی شەخسی دەگرێتەوە، ئەڵێت (حرمت شیئین حللهما رسول الله العبودية وزواج المتعة وحرمت شيئين حرمها رسول الله قطع يد السارق) لە گرانیدا، کە ئەو بتوانێ زۆر نەس بوەستێنێ و بیگۆڕێ،ئێمە بۆ ئەبێ لەسەدەی بیست ویەکەمدا یاسای بەم جۆرە کۆنەپەرستانە بێنینە ناوەوە، کە میللەتەکە ئەکات بە چەند بەشەوە، کە ئەم یاسایانە یەکگرتوو بێت باشترە لە هەموو عێراقدا، یەکگرتووش نەبێت ئێمە حەقی خۆمانە وەك فیدراڵی کۆمەڵە یاسای خۆمان هەبێت و، تکایە ئەگەر بتوانرێت لە ئەسبابیموجیبەکەش شتێك لەوەش بکرێتە ناوەوە و دەنگم لەگەڵ دەنگی بزووتنەوەی ژنان یان ئافرەتان یان چی تری پێ ئەڵێن ئێستا لەگەڵ ئەواندایە، چونکە ئەمە بەشێکی گەورەیە لە مافی مرۆڤ و، لە گیانی ئەم چەرخە، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاکە دکتۆر، لە حقیقەتدا تەعلیقێکی بچووك، ئەو مولاحەزاتانەی کە کردتان دەربارەی یەکگرتنەوەی ئیدارەو خەتەواتی پێویست کە لەم زرووفەدا بکرێت، من تەسەوڕ ناکەم کە ئەرکی نەکەوێتە سەر شانی من و سەر شانی د. کمال فوئاد، با ئەوە وازیح بێت، بەنیسبەت ئەو کارەساتەی کە لە یەکەم رۆژی جەژن کرا، لە حقیقەتدا کفایەت بەیانات دەرچوو، مەواقیف وەرگیرا و، مەناعەتی ئەوەشمان نییە کە پاش ئەوەی کە بڕیاری ئەم یاسایەشمان دەرکرد کە شتێکی زۆر گرنگ و موهیمە، ئەگەر رەئیەکی تایبەتیتان هەبێت دەربارەی ئەو کارەساتە ئەوەش باس بکرێت، تەسەور دەکەم ئێمە ئامادەین، بەڕێز کاکەرەش نقشبەندی.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من دوو مولاحەزەم هەیە، یەکیان مەسەلەی شەکلییە، قانونەکە بخرێتە خوار دیباجە، عنوانی قانونەکە، چونکە وا معتاد بووە لای ئێمە،لای ئێمە عنوانی قانونەکەمان خستۆتە دوای دیباجە، ئەوە یەك، دوو، قانونی ئەحوالی شەخسی (١٨٨) ساڵی (١٩٥٩)، بە تەنیا نافیز نییە لە کوردستان، مەجموعەك قەوانیمان ئێمە بە ژمارەی تایبەتی لە پەرلەمان دەرکردووە، لەبەر ئەوەی ئیشارەتێ بەوان بدەین بۆ ئەوەی تەرکیز نەکرێتە سەر ئەو قانونە وای لێبکەین کە قانونی ئەحوالی شەخسی(یعتبر نفاذ قانون الأحوال الشخصية رقم (١٨٨)لسنة ١٩٥٩ والقوانين الاخرى النافذة سارياً في اقليم كوردستان -العراق) لەبەر ئەوە با قانونەکانی خۆمان ئیهمال نەکرێن، نەوەك ئیشکالێك لە مەحاکیم دروست بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە مولاحەزاتێکی باشە من تەسەور دەکەم، بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، زۆر سوپاس کاکەرەش نقشبندی، بەڕێز کاك حسين عارف، فەرموو.

**بەڕێز حسين عارف عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئاوەڕدانەوەیەکی زۆر باشە، لە جێی خۆیەتی لەلایەن پەرلەمانەوە بەرامبەر بە مەسەلەیەکی گەلێك بایەخدارو گەلێك حەساس و گەلێك گرنگ، لە هەمان کاتیشدا خالێك نییە وەرگرتنی هەڵوێستێك بەرامبەر بەوانەی کە ئەگەر حوکمی عیراقیان کەوتە دەست، دیارە عیراق بەرەو کوێوە دەبن، بەرەو چ هەڵدێرێکی دەبەن،ئەوەی ڕاستی بێت منیش تێبینیەکی بچووکم هەیە بەرامبەر بە داڕشتنی ماددەکە، ئەو کەلیمەی نەفازە لە جێگای خۆیدا سارییەکە زیادەیە و، نەفازەکە بێتە جێگەی سارییەکە، ئەبێتە (يعتبر قانون الأحوال الشخصية رقم (١٨٨)لسنة ١٩٥٩ المعدل نافذا في اقليم كوردستان -العراق.)، لەگەڵ سوپاس و ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخۆی قانونەکە نافیزە، پێویست نییە بڵێین، نافیزە فی الاقليم، بەس لەبەر ئەوەی مووەدەی سەرەیانی نەوەك یەکێك تەسەوری وابێت عەلا ئەساس لە ١٣٧ئەوەی ڕاگرتییە، سەرەیانی بدەینێ وەئیلا لەقانونەکەی نافیزە چ قانونێك لەغووی نەکردیە تا بڵێین(يعتبر نافذة)، لەبەر ئەوە دیباجەکە زۆر باش هاتیە، تەنیا ئیشارەت بە قانونەکانی خۆمان بدەین کە بەژمارەی تایبەتی دەرچووە، لەبەر ئەوەی موعەدەل نییە، بە ١٨٨ ی تەعدیلی نەکردیە، بە ژمارەی تایبەتی قانونەکانی خۆمان دەرکردیە، ماددەکمان ڕاگرتیە، قانونێکمان دەرکردیە، لەبەر ئەوەی ئیشارەت بە قانونەکانی خۆشمان بدرێت، هیچ ئیشکال دروست نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی( القوانین الصادرة في اقلیم کوردستان و القوانین ذات العلاقة الصادرة في اقلیم کوردستان)، بەڕێز مەلا محمد طاهر، فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی پێم باشە کە لە ئیقلیم کوردستان بمێنینەوە لەسەر ئەو قانونەی رەقم١٨٨، بە حەقیقەت کە مەجلیسی حوکمی عێراقی ئەو قانونەی دەرکردووە، ئیستعجالی کردووە لە دەرهێنانی ئەو قانونە، ئەگەر سەلاحیەتی تەشریعیشی هەبێت ئیستعجالی کردووە، بەلام من بەدیلەکەی نازانم، بەدیلەکەی چی داناوە بۆی؟ تا من زەمی بەدیلەکەی بکەم، من تەبعەن نەسی بەدیلەکەی، چونکە نازانم چییە، من پشتگیری دەکەم لە پڕۆژەکە و، لەگەڵ ئەو مولاحەزەی کاك حسین و جەنابی کاکەرەش، من پێم خۆشە ئەو ماددە یەکەمە دووشت بگرێتە خۆی(یعتبر نفاذ قانون الاحوال الشخصیة رقم(١٨٨) لسنة ١٩٥٩المعدل) وەقانونەکەی خۆشمان (ساري المفعول وبمثابة قانون خاص في اقلیم کوردستان العراق) یعنی ئەوە یەك شت بێت، (في حالة نفاذ القرار) بکرێتە ماددەیەکی تر، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، جوابەکەی لە دوایی ئەدرێتەوە، موشکیلە نییە، بەڕێز کاك نعمت عبدالله پیرداود، فەرموو.

**بەڕێز نعمت عبدالله پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی سەرنجەکەی بەڕێز کاکەرەش زۆر راست بوو، بەلام وەکو جەنابت فەرمووت بکرێت بە قانون عام، ئەوەی لە هەرێمی کوردستان دەرچووە لە نوێ، لەوانەیە لە هەردوو ئیدارە هەندێ بڕیار دەرچوو بێت دەربارەی ئەو مەسەلەیە ئەوەش لەو پڕۆژەیە بنووسرێت، بۆ ئەوەی ساری مفعول بێت، ئەویش لەوانەیە لە ئیدارەی هەولێر بەتایبەتی، لە ئیدارەی سلێمانی چەند بڕیارێك لەم بارەیەوە دەرچووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز نهلە خان، فەرموو.

**بەڕێز نهلە محمد سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی برادەران باسی ئەم قەرارەیان کرد، بەڕاستی قەرارەکە جملەتەن و تەفسیلەن دژی مافی ژنان و ئافرەتانە، ئێمە دژی ئەو قەرارەین، بەڕاستی وەکو باسم کرد مەفروزە ئالیەتێك دروست بکرێ کە ئەو قەرارە هەر نەمێنێ، بەڕاستی هەر مانەوەی تەجمید کردنەوەکەی تەهدیدەکە بۆ ژنان، چاوەڕوانی وایان دەکرد لە مەجلیس حوکم، بەتایبەتی پاش رووخانی رژێمی بەغدا کە زیاتر حەقی ژن بدرێت، حەقی ئافرەتان بدرێت و، زیاتر ژنان بەشداری بن لە بڕیار دان لە عێراق، بەڕاستی دەرکردنی ئەو بڕیارە لە ئاخیر رۆژی حوکمی بەڕێز عبدالعزیز الحکیم شتێکی زۆر سەیر بوو، یەعنی صەدمەیەکی زۆر گەورە بوو بۆ ژنانی عێراق، ژنانی عێراق پاش رووخانی رژێمی سەدام چەند کۆنگرەیان بەست، لە بەغدا، لە حیللە، لە سلێمانی چاوەڕوان دەکرێت لە هەولێر ببەسترێت بۆ هەموو ژنانی عێراق، تەوسیاتیان هەبوو،

چۆن بەشداری لە قەراراتی سیاسی بکەن، چۆن بەشداری نیسبەیان هەبێتن ٤٠٪ لە مەجلیس ئینتقالی موستقبەلی عێراق، بەشداری بکەن لە مەجالیسی بەلەدیە، بەلآم ئەو قەرارەی کە دەرچووە بەڕاستی خەباتی ژنان، ئەوەی کە ئیشیان بۆ کردووە چەند ساڵە، چەند بڕیاریان دەرکردیە، چەند فەقەرات هەبوو یان چەندبڕیار هەبوو لە قانونی ئەحوال شەخسی و لە قانونی عقوبات کە دژی ماف ژنان بوو، تەعدیلی دەکردو هەندێکی لابردو هەندێکی گۆڕی، ئەوانەی کە دیفاع لە ماف ژن دەکەن، بەڕاستی ئەوانە هەمووی کە تەتبیق بکرێت، کەئەنەما ئێمە هیچمان نەکردیە، دەمان گەڕێنێتەوە بۆ سفر، یەعنی تەواو، هیچمان نەکردیە، بەڕاستی ئەو قەرارەش کە دەرچووە بێ دیراسەت بووە، بێ ئەوەی کە وەکو باسیان کرد بەدیلێکی بۆ دابنرێت، ئەو قەرارە دەرچووە، یەعنی هەر کەسەو قانونێکی مدون نییە، ئیتاری قانونێك نییە بۆ تەتبیق، یەعنی هەر کەسەو حەسب تەسەوڕاتی خۆی، حەسەب مەزهەبی خۆی تەتبیق دەکاتن، بەرەئی من بێ ئەوەی ئیحتیرامی ماف مرۆڤ بگیرێت، بێ ئەوەی ئیحتیرامی ماف ژن بگیرێت، بێ ئەوەی دیموقراتیەت تەتبیق بکرێت، دیموقراتیەت هەر ئەوە نییە من قەرارێکی فەوقی دەربهێنم نیوەی شەریحە، یەعنی ئەگەر بێینە عێراق نیوەی کۆمەڵە یەعنی مەساحەکی زۆری ژن داگیری کردیە، یەعنی بەڕاستی دواکەوتنی کۆمەڵ، بەرەئی من ئەو قەرارە بەس دژی ژنان و ئافرەت نییە، دژی پیاویشە، بەڕاستی تەتبیق کردنی ئەو قانونە انواع مەشاکیل لە خێزان دروست دەکات، لە کۆمەڵ دروست دەکات بۆ منداڵ و ژن و شیرازەی خێزان تێك دەدات، یەعنی ئەگەر بێت و ئەو قانونە تەتبیق بکرێ، بەڕاستی بێ ئەوەی مەحاکیم، ئێستا موعارەزە هەیە لە ئەحکامی مەزاهب، سوننە چوار مەزهەبە، شیعە دوانزە ئیمامییە، هەتا لە یەك مەزهەبیش لەوانەیە برادرەانی ئێرە زیاتر بزانن، پیاوانی ئایینی باشتر بزانن پسپۆڕن لە مەسائیلی ئایینی، لە عەینی مەزهەب تەزاروب هەیە، تەناقوزات هەیە لە عەینی مەزهەب، ئایا ئەو مەشاکیلانە چۆن حەل دەکرێن؟ یەعنی ئەگەر بێت و ئەو قانونە تەتبیق بکرێتن دەبوایە ئەوان مەحاکیم دانێن، هەتا تەعدیلات لە نیزامی قەزائی بکەن، لێرە مەحکەمە دابنێن، مەحکەمەی سوننی دابنێن، مەحکەمەی شیعی دانێن، جەعفەری دانێن، ئەی مەسیحی چ بکات؟ ئەی سوبی چ بکات؟ ئەی کاکەیی چ بکات، انواعی ئەدیان هەیە، یەعنی مەعنای وایە عەدەم ئیستقراری قەزا هەیە، قەزاش ئیستقراری نەکرد یەعنی بەلبەلە دروست دەکات، مەشاکیل دروست دەبیتن، ئایا ئێستا وەختی ئەوەیە من ئەو مەشاکیلە دروست بکەم، ئایا موشکیلەکی لە ژن گەورەتر نەبوو لە عێراق باسی بکەن، شەریعە بەس بۆ ژن دانراوە، لە عێراق چەند کەس لە سەر دزی دەستی بڕاوە، شەریعەی ئیسلام دەڵێت ئەوی دزی دەکات دەستی ببڕێت، یەعنی نازانم بۆ پیاوانی ئاینی خۆمان، ئەحزابی سیاسی، ئاینیەکان، دینیەکان فەقەت فکر لە ژن دەکەنەوە، لە دواکەوتنی ژن دەکەنەوە، بەعەقلی خۆیان چۆن ژن دوابکەوێتن و بێ ئەوەی مولاحەقەی تەتەوری موجتەمەعەکان بکەن، بەڕاستی من داخم لە دڵە ئایا بۆ وایان نەکرد ژنان لە بەغدا بە ئەمن و ئاسایش بگەڕێن و نەترسێن بچنە دەرێ، بەڕاستی خۆزگە کە گەرم و گوڕ بوو کە قەرارەکە لە ١٢\٢٩ زیاتر گەرم وگوڕ بووین، بەڕاستی ئێستا کە ساردبووینەوە کە زانیمان تەرەیوس کراوە، ڕاگیراوە، ئەو وەختە زۆر گەرم و گوڕ بووین، لەوانەیە قسەی زیاترمان کردبایە، بەڕاستی ئێمە وەکو تەحالوف ڕایگرتیە تەرەیوس، یەعنی ڕایگرتیە تەجمید کرایە قەرارەکە ئێمە لەگەڵ ئەوە ڕاناوەستین، چونکە وەکو جەنابت باست کرد ئەبعادی زۆری هەیە، ئیحتیمال هەیە لە ژێرەوە ئیشی بۆ بکەن، چۆن ئەو ژنانە بگەڕێنەوە عەسری تاریکی بەڕاستی خۆش نییە، چونکە شەریعەی ئیسلامی لەگەڵ ئێستا بە کات و تەفاسیلێ ناگونجێ، ئێستا زۆر زەحمەتە بەتایبەتی لە کوردستان ئێمە ئەوە دوانزە

ساڵە لە ئازادیدا دەژین، ئێستا بێین بگەڕێینەوە سەر قانونی شەریعەی ئیسلامی بەکاربێنین، یەعنی بەڕاستی رجا دەکەم هەموو لایەك پیاوانیش پشتگیریمان بکەن بەتایبەتی لە عێراق، یەعنی بەڕاستی ژنانی عێراق زۆر گوناهن،تا سەدام لە حوکم مابوو زۆر قەراراتیان دژی حەقی ژن پیادە دەکرد، یەعنی بۆ نموونە ژنەك دکتۆرای هەبوو لە شەهادە موسەقەف، ڕێکوپێك بۆی نەبوو سەفەری خارج بکات، بەڵام مێرد منداڵەك کە هیچ شەهادەی نەبوو موستەوای سەقافی سفر بوو، بۆی هەبوو، ئەو تەفریقەیە بۆ؟ ئەمە لە جیاتی ئەوەی یان یەکێك لە ژنان هەندێك بەبەدناو ناوی دەرکردبووایە، بە فیدائی سەددام سەریان دەبڕی و هەڵیان دەواسی لە پێش ماڵی خۆیان، بۆ مەحکەمە قەرار نەدات، بۆ من ئیتاریکی قانونی دانەنێم، قەراری خۆمان هیچ عەیبی نییە ١٩٥٩بە عەکسەوە ئێمە دانێین ئێستا چ قەرارێکی دیراسەکی باش بکەم، بەڕاستی من داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، قەرارێکی زۆر باش لەگەڵ مافی ژنان ٥٩،٦٢ کە لە سلێمانی دەرچووە، ئێمە بەرەو یەکبوونی ئیدارەینە، لێرەش زۆر قەراری باش دەرچووە کە تەعدیلاتی ئەحوالی شەخسی کرایە، عقوبات لێرە بەپێی ئەو مەوزوعە بە پێویستی دەزانم کە دیراسەی وا بکاتن، یەعنی هەردووکی پێکەوە دیراسەت بکرێ و، یەعنی دیراسەی بکەین چۆن تەوحیدی ئەو دوو قەرارە بکەین کە هەموو دیفاع لە مافی ژن دەکات، زۆر سوپاستان دەکەم و، داوای لێبوردنیش دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز نهلە خان، بەڕێز کاك رجب شعبان.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم هەر دبێژین ئافرەت نیڤەی کۆمەڵە، ئافرەت دایکە، خوشکە، رەوشا ماڵییە، ئافرەت قوتابخانەیە بۆ پێگهاندنا بەرەبابێ داهاتیدا، ئەم وەکی بەرێ خۆ بکەینە ئافرەتا کورد درێژەیا قۆناغێن خەبات و بەرخودانێدا هەردەم هەلگرا ئێش و ئازارێ میللەتەیدا، ئافرەت هەمی وەختەکی بە ئەرکی پیرۆزێ نەتەوەی رابیا، جا رێزگرتن بۆ ڤێ رولێ ئافرەت ئێ پیرۆز بەرڤێلێ هات ئەم فەرتبینین بڕیارا ١٣٧ یا ئەنجومەنێ حوکم لە بەغدا هاتیە دان هاتیە راوەستان، لەگەڵ رێزدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو قسانەی کە کران بەڕێزان، هەمووی لە ساڵحی ئەو پرۆژەیە بوو کە نووسراوەتەوە، لە ساڵحی مافی ئافرەتان بوو پشتگیریی بوو لەوە، تەبیعی ماددەی یەکەمی صیاغەکە موەفەقە لە حەقیقەتدا، کورتە، یەعنی لوغەکەی موەفەقە لە حەقیقەتدا و، ئەمە داخیلی مەسائیلی ترمان ناکات، کە لە هەردوو ئیدارەکە مومکینە هەندێ جیاوازی هەبێت، ئەگەر بێتەوە بیرتان بەپێی ئەو ئیتیفاقیەی، بەپێی ئەو وەزعیەتەی ئێستا هەیە، هەر یاسایەك، یان هەر بڕیارێك لە هەر ئیدارەیەك دەرچوو بێت، لە شوێنی خۆی ئیشی پێ دەکرێت، دیارە لێرە نەتوانراوە ئەوە بە ئاسانی بکرێت، یان لە شوێنێکی تر نەکراوە، یان بڵێین لە سلێمانی کرا بێت، یان نەکرا بێت، ئەسبابی خۆی هەیە،ئەوە بەو بڕیارە لە حەقیقەتدا چارەسەر کراوە، کە هەر شتێك لە شوێنی خۆیدا پێشی کەوا یەکەم جەلسەی مەشتەرەکی پەرلەمان، کە پێکەوە دانیشتین، هەر شتێك لە شوێنی خۆیدا (ساری المفعول)ە، ئەمە یەعنی بەرەو دواوە ناچین، دەرگای بەرەو پێشەوامان هەردەم هەیە، لەبەر ئەوە ئەو صیاغەیە بەو شکلە بابی ئەو ئیجتیهادە ناکاتەوەو داخیلی ئەو

مەعمەعەیەمان ناکات جارێکی تر، کە جارێ زووە بە حەقیقەت، ئەو بەڕێزانەی هێشتا دەیانەوێ لەو مەوزوعەیە قسە بکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە تکایە، دوای ئەمە مەجال نادەین قسەی تیا بکرێت، بەڕێز مامۆستا مەلا موحسن فەرموو.

**بەڕێز ملا محسن خالد مصطفى مفتي:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەرەتاوە جەنابت فەرمووت تەنها (ئا یان نەء)، بۆیە ئێمە دەستمان بەرز نەکردەوە بۆ قسە کردن، بەڵام کە قسەی تیا کرا، پێویستە چەند روون کردنەوەیەك باس بکەین، یەکەم ئەگەر رێگەم پێ بدەی تەصحیحی هەندێ شتی بچووك بە کورتی بکەم، ئەوەی حەزرەتی عومەر کە جەنابی د. عیزەدین باسی کرد لە زەواجی موتعە. پێغەمبەر (ص) خۆی حەرامی کردووە، نەك حەزرەتی عومەر، لە ئەحکامی شەریعەتی ئیسلام بە تایبەتی دەست برین، کە لەو وەختەدا بوو، لەبەر ئەوە ئیلغا کرا، ئیلغا نەکرا، بەڵکو راگیرا، چونکە ساڵەکە پێی دەوترا لە تاریخی ئیسلامدا (عام المجاعە)، ئەو خەڵکەیە بەو شێوەیە بوو، بۆیە وەزعەکە راگیرا، هەتاوەکو حاڵەتی خۆی هاتە پێشەوە، هەر حوکمێکی ئیسلامیش بەپێی شەریعەت و ئوصولی فیقهی ئیسلامی کە بێتو کۆمەڵگای ئیسلامی نەبێت وەکو پێویست، ئەو حوکمە ئیسلامییە وەکو خۆی جێ بەجێ ناکرێت، را دەگیرێت هەتاکو ئەو کاتەی کە پێویست دەبێت، رەئی ئێمە، رەئی من وەکو شەخسی کە بیڵێین و باسیشمان کردووە لە جێگاکانی تردا، ئەو بڕیاری(١٣٧) (كلمة حق يراد بها باطل)، ئەو بڕیارە مەبەستەکەی وەکو مامۆستا باسی کرد بەدیلەکەی دیاری نەکراوە، هەتاوەکو ئینسان تەبەنای بڕیارێکی تری لەسەر بکات، ئەو قەوانینی ئەحوال شەخسیەی ژمارە (١٨٨) کە هاتووە لە ساڵی ١٩٥٩ هەندێ لە تەعدیلەکانی کەم و کورییان تیا هەیە لەڕووی شەریعەتی ئیسلامەوە، بەڵام زیاتر گونجاوترە لەگەڵ ئەوەی کە تۆ بێنی رەئی مەزهەبێك‌بێنی بەتایبەتی بیخەیتە روو بەرامبەر بە هەموو ئەهلی عێراقی، کە زۆربەی زۆریان لە کوردستانی خۆماندا لەسەر مەزهەبی ئەهلی سنەت و جەماعەتن و لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعین، لەبەر ئەوە ئێمە لەسەر ئەوەین کە ئەگەر گۆڕانکاریش بکرێت بە تەدریج بکرێت، نەك بەو کوت و پڕیە و بەو شێوەیە هەمووی ئیلغا بکرێت یان هەمووی دابنرێت، ئەمە شتێکی پەسند نییە، مانەوەی لەسەر حاڵەتی پێشوو چاکترە لەم وەزعە، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی من داوای لێبوردن دەکەم لە هەندێ برایان و خوشکان کە قسە دەکەن، کاتێك کە قسە دەکرێت لە پەرلەمانی کوردستاندا، کە تەمسیلی میللەتێکی کوردی موسڵمان دەکات، باسی هەزار و چوار سەد ساڵ لەمەوبەرو کۆنە پەرستی و، باسی تۆمەت روو بەڕوو کردنەوەی شەریعەتی ئیسلام و ئەمانە کە گونجاوە یان گونجاو نییە، ئەمە شتێکی باش نییە، هەر قسەیەك دەکرێت لە حدودی قسە کردنەکەی خۆیدا ئەو بابەتەیە کەڵکی هەیە، سوودی هەیە، یان سوودی نییە، ئینسان دیراسەی شتێك دەکات نەقدی لێ دەگرێت رووبەڕووی یەك حادیسە ببێتەوە چاکترە لەوەی کە تۆ مواجەهەی هەموو شەریعەتی ئیسلامی بکەی، شەریعەتی ئیسلامی بەلای ئێمەوە و، بەلای هەموو زانایانەوەو، بەلای هەموو ئەو کەسانەی کە دیراسەیان کردووە، ئەوانەی شارەزاییان لێ نییە، حەق نییە قسەی تیا بکەن، ئەوانەی کە دیراسەیان کردووە، دەیزانن شەریعەتی ئیسلامی چییە، هەموو قەوانینەکانی سەر زەوی لە قەوانینی فەرەنسیەوە بگرە هەتا وڵاتانی دەرەوە شەریعەتی ئیسلامییان بە گەورەترین سەرچاوەی یاسادانان داناوە، چونکە زانیویەتی رێز لە مرۆڤ بگرێت، زانیویەتی رێز لە ئادەمیزاد بگرێت، ئەو صەفا و مەڕوایەی کە ئەمڕۆکە سێ ملیۆن کەس صەفا و مەڕوایان کردووە، ئافرەتێك کە هاجرە خانی

خێزانی حەزرەتی ئیبراهیم بووە، ئەم سەر و ئەو سەرێکی کردووە، خوای گەورە کردوویەتی بە شەعائیری خوا (ومن يعظم شعائر الله فإنه من تقوى القلوب)، ئەو صەفا و مەروەیە لە رۆیشتن و هاتوچۆیەکی ئافرەتێکەوە بووە، خوا ئەم حاڵەتە تایبەتیەی هاتوچۆی ئافرەتێکی کردووە بە شەعائیر، ساڵانە مەلاین موسڵمان لە هەموو عالەمی ئیسلام دەچن ئەم سەر و ئەو سەری پیا دەکەن، هەندێ قسە هەیە ئینسان لە دەمی دەردەچێت (وتحسبونه هيناً وهو عند الله عظيم)، بەتایبەتی ئێمە لە زرووفێکی وەکو ئەمڕۆدا کە ئەو خەڵکە هەمووی دڵی گەرمە، حادیسێکی زۆر گەورە رووی کردۆتە ئێمەوە، شتی زۆر سەیر و سەمەرە بەرەو رووی ئێمە دەبێتەوە ناچارین کە قسەی تیا بکەین، زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، بە هەموو شێوەیەك لەگەڵ میللەتەکەیان دان، لەگەڵ ماڧی چینەکان دان، لەگەڵ ماڧی ئافرەتان دان، لەگەڵ ماڧی تێکڕای کورد دان، لەگەڵ ئەوە داین کە ئێمە بگەینە ئەو ئامانجەی کە لەوانەیە خەڵکێکی تر موساوەمەی لەسەر بکات، مەلای کورد هەرگیزاو هەرگیز موساوەمەی لەسەر ناکات، ئاواتە خوازیش بووین وەکو باس کرا، ئەم کۆبوونەوەی یەکەمە پەلە نەکرایە لەم مەوزوعەیە، ئەم مەوزوعە مەوزوعێکی زۆر ئیعتیادییە پەلە نەکرایە، کاتێکی تری بۆ تەرخان کرا بووایە، خەڵك دڵی گەرمتر بوو، باسی سەربەخۆیی کوردستان و ماڧی فیدراڵی و ئەو حاڵەتانەی تر کە ئینشائەڵلا پشت بە خوا لە داهاتوودا دەکرێت، تەنها یەك روون کردنەوەی ترم ماوە، ئەگەر جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئیجازەم بدات، دیعایەیەکی زۆر کەوتە دووی ئێمە وەکو مەلاکانی کوردستان، خەڵکێکیش بە نەزانین کەوتنە شوێنی قسەکان لەم حادیسە جگەر بڕەی کە لە هەولێری پایتەختی کوردستاندا روویدا، بەتایبەتی کەناڵی عەرەبی، کەناڵی (العربية) باسی دەکرد و، سێ چوار جاریش لێرەوە موراسیلیان باسیان دەکرد و، ئێمە باسمان کرد بەداخەوە ئەو نوقتەی کە دەگاتە ئەم حاڵەتەیە بڕییان، باسی ئەوە دەکرا کە مەلایەك مێزەرەکەی لەوێ کەوتووەو تەڤیوەتەوە، ئەم قسەیان کردە دیعایەکی زۆر گەورەو سەیر، ئەوەیە ئێمە لە لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان مامۆستا مەلا عەبدوڵلای پەرپیتانی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانە شەهید بووە، لەمەڵبەندی سێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان مامۆستا مەلا عومەری کوڕی شێخ ئەحمەدی زیخانی بریندار بووە، مێزەرەکەی کەوتووە، نابێ ئەو مەوزوعەی لە جیاتی ئەوەی کە بەشێوەیەکی تر ئیسارە بکرێت، بەم شێوەیە باسی بکرێت کە خەڵك بە چاوی تۆمەت و رەخنەوە سەیری عولەمای دین بکات، کە ئەگەر عولەمای دین لەگەڵ قەزیەی میللەتەکەیان نەبوونایە، ئێمەش وەکو خەڵکانی ترمان لێ بەسەر دەهات، لە هەموو سەرانسەری کوردستاندا ئەگەر سێ چوار هەزار مەلا هەبێت بە دەست دەژمێردرێت، ئەوەش لەوانەیە مەلای تەواوەتی نەبن، کەسی نەشارەزا بن، لەوانەیە فیکرەیەکی تر پەروەردەی کردبن، کە لەگەڵ قەزیەی مەصیری میللەتەکەیاندا نەبن، لەگەڵ رێزم و داوای لێبوردن دەکەم لە درێژ کردنەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ مامۆستای بەڕێز شێخ موحسن، ئەوەی ئێمە هەستی پێ دەکەین موعارەزە نییە بەنیسبەت ماددەی یەکەمەوە، بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر لیژنەی یاسایی تێبینیەکی هەبێت،

یان جواب دانەوەیەکی هەبێت، تکایە ماددەکە بخوێننەوە وەکو خۆی کە هەیە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز احمد شريف علي:**

المادة الأولى: يعتبر نفاذ قانون الأحوال الشخصية رقم (١٨٨) لسنة ١٩٥٩ المعدل سارياً في اقليم كوردستان- العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەوئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەکەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی یەکەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دووەم بخوێننەوە تکایە.

**بەڕێز محمد سعيد احمد يعقوبی:**

المادة الثانية: يعتبر القانون المذكور في المادة الأولى بمثابة القانون الخاص بإقليم كوردستان- العراق في حالة نفاذ قرار مجلس الحكم رقم (١٣٧) الصادر في ٢٠٠٣/١٢/٢٩ أو أي قرار أو قانون يؤدي إلى إلغائه صراحةً أو ضمناً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی یاسایی لەسەری تکایە.

**بەڕێز محمد سعيد احمد يعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی ماڧی ئافرەتان.

**بەڕێز فوزيه عزالدين رشيد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ برگەی نەصەکەداین، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی ماڧی مرۆڤ.

**بەڕێز ابوبكر محمد حاجی (مەلا شاخی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی نەضەکە داین، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی ئەوقاف تکایە.

**بەڕێز احمد طاهر نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ دەقی نەصەکە داین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە، بەڕێز زەهرا خان فەرموو.

**بەڕێز زهرا حاجی طه سیلفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ژ بەرکو هەرێما کوردستانێ و میللەتێ کورد تایبەتمەندی خۆیا هەیە، ئەم داخوازیت کەین، ئەگەر هاتوو ئەڤ بڕیارە یان ئەنجامی حوکم جێ بەجێ هات گشت کوردستانێ وەرنەگرێت، چونکی پەرلەمانێ کوردستانێ گەلەك دەستکەفتیە باش بۆمان هەنە پەیدا کرینە ژبەر هندێ مە نەڤێت هەرچەندە عێراقیش لەمە جودا بکرێتەوە ئافرەتە عێراقیش ئەڤە ژێ بگرێت، ئەمە پێ دڤێت یاسایەك هەبێت مە ئافرەتێ عێراقێت سەرانسەر عێراقێ بێتە گرتنێ، ئەڤ یاسا سەر هەمیا جێ بەجێ بێت، بە دیتنا من مەجلیس حوکم بۆچیە بڕیارێ دەرێخست ڤان رۆژەدا پشتی دیتی ئازادیا عێراقێ، خەباتە ئافرەتا سەرانسەرێ عێراقێ خورد بیت، داخوازا مافێ خو دکەت، ئو دێتە درێژها سالە بارێ گران چەند کەفتیە ملێ ئافرەتێ، ئافرەتێ چەند قوربانی تەزحیەی دایە، بەهرا پتر ئەم بێژین ئیحتمالی زەلامی پتر ئافرەتێ سەرانسەری عێراقێ نەخۆشی و چەوساوەی دیتی، ئیش بەر هەندێ بزاڤێ ئەوان ئێت گریت، ئافرەتێ عێراقێ دگەل خربت یێ پەیوەندیا گەلی کورد دکەن، ئەوان بزانن دی داخوازێ مافێ خویە پتر بکەن، ئیش بەر هەندێ رابین ئەڤ بڕیارە دڤێ وەختەکی کو نە زور بە سورعەت ژێ دەست پێ کرن، ئەڤ بڕیارە دەریخستن وەکی مە گوتن مەتڤێتن ئەگەر هاتوو جێ بەجێ بێ، ئەڤ بڕیارە ژێ کوردستانێ وەرنەگرێت، چونکی تایبەتمەندی خۆیا هەیە، لەگەڵ رێزو سلاوم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ زەهرا خان، بەڕێز کاك د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکی پێشەکی لەگەل یاساییە بە دل و بە جان، چونکە سەرژمێرا تازە لە عێراقێ تەقریبەن ئافرەت یان ژن زیاترە لە زەلامێ، مەعقول نینە نیڤی کۆمەلێ یان پتر جهۆکێ تەعتیل بکەین بڕیارێ دەربکەین، سەرڤی ماددەی من دوو خالەت هەی:

ئێك: من ئەصلەن زێدە دبینم لەو ماددەیە، چونکە ماددەی ئێکێ وازیحە و، تەحدید نەکراوە و سەقفی زەمەنی کەنگی نافیز مەفعولە (یعتبر سريانِ نافذ المفعول) بێ سەقفی زەمەنی، یەعنی وازیحە، یا دوێ: غوموزێکی دبینم مومکینە من راست نەبم بەس لێرە (أو أي قرار أو قانون يؤدي إلى إلغائه صراحةً أو ضمناً)، یەعنی من تەفسیرەك دکەم ئەگەر لە پەرلەمانێ کوردستانێ دەربچێت، لەبەر هەندێ تاکو غموز نەمێنێ، پێشنیارێت دکەم ڤێرێ (أي قرار أو قانون من المركز يؤدي إلى إلغائه صراحةً أو ضمناً)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك د. رزگار، لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئێمە لەگەڵ بڕگەکەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەزانم لەگەڵ بڕگەكەن، بەس وەلامیان بدەنەوە، كاك د. رزگار تێبنیەكی هەبوو دەڵێ غموزی تیایە، دەڵێ غموز تەنها بۆ مەركەز.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕای ئێمە هیچ غموزێكی تێدا نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بڕیاری‌پەرلەمان ئەوەیە كە لەسەر قانونی باری كەسایەتی بڕۆین و، ئەو بابەتە پێویستی بە قانون هەیە، پێویستی بە یاسا هەیە، نەك بە شتێكی تر،ئەو یاسایەی كە هەیە بەو تەعدیلاتەی كە لە كوردستان كراوە، ئەو یاسایە یاسایەكە لەوانەیە تەمسیلی ئەكسەری مەزاهیب بكات و،شتێكی گونجاوە و لەوەش باشترە ئەگەر یاسایەك دابنرێت بەڕای یەك مەزهەب، یان بەپێی ئسلوبێك ڕەفتار بكرێت كە تەنها رەئی یەك مەزهەب بێت،ئینجا بەیانی لە كوردستان ئەوە بگۆڕێت یان لە مەركەزا ئەوە بگۆڕێت هەمان شتە، ئێمە لەگەڵ یاساین، مەوزوعەكە ئەوەیە بۆیە بەعام بێت باشترە لەوەی تەنها بۆ مەركەز.

ئەگەر تێبینی ترتان هەیە تكایە فەرموون؟ بەڕێز كاكەڕەش فەرموو.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێزتان فەرمووتان زۆر لەجێی خۆیەتی، بەلام ئەو ماددەیە لەبەر حاجەتی پێویست دەستكاری ناكات، بەلام كە دەڵێین قەراری ١٣٧ لە مەجلسی حوكم دەرچووە، (أو اي قرار أخر) یەعنی زیمنەن ئیستبدال دەكرێت كە عەلائەساس ئەو لایەنەی كە ١٣٧ی دەركردووە ئەگەر شتێكی وا بكات، ئەما ئەوە ڕێ لەمە ناگرێت بەیانی ئەگەر ئەنجومەنی حوكم كۆبۆوەو لەگەڵ ڕێكخراوی ئافرەتان و شتی وا و قانونێكی ڕێك و پێكتری ترمان هەبوو داینێین، یان دوو قانونی باری كەسایەتی ماددەك پێویستی بەڕاگرتن هەبوو ڕایگرین و شتێكی تر بكەین، ئەوانە هیچ ڕێگە لەمە ناگرن، چونكە ئەوە پەیوەندی بەمەركەزە هەیە (١٣٧ أو اي قرار أخر) مانای وایە هەمان لایەن كە بڕیاری ١٣٧ دەركردووە، زۆر لە جێی خۆیەتی ماددەكە. داوا لە بەڕێز سەرۆكی پەلەمان دەكەم بیداتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی دووەم پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، ماددەی دوو بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێ تكایە.

**بەڕێز سعید یعقوبی:**

المادة الثالثة:

على مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق والجهات ذات العلاقة تنفيذ هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەصەورناكەم كەس تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەبێت شتێكی ئصولیە، دەیخەمە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی سێ پەسەند

دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی سێ بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوار تکایە.

**بەڕێز سعید یعقوبی:**

المادە الرابعە:

یعتبر هذا القانون نافذا اعتبارا من ٢٠٠٣/١٢/٢٩ .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیەی پێ ناوێ، چونکە لە ئەساسەوە ئێمە تەحدیدمان کرد هەر قانونێك دەربچێت، ١٨٨ بۆ خۆی دەبێت، قانونی ١٨٨ دەبێت، لەبەر ئەوە ئەو ماددەیە پێویست نییە، بۆیە ماددەکە بەکاملی دەربچێت لەناو قانونەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسایی هیچ تێبینیتان هەیە؟ فەرموو کاك سەعید.

**بەڕێز سعید یعقوبی:**

خۆی نەسی ماددەکە، ماددەی چوار بەجوانی هاتووە، پێویست بەگۆڕان ناکات، کە دەڵێت (یعتبر هذا القانون) ناکرێت، چونکە ئێمە بەو قانونە، قانونی (١٣٧)مان ڕاگرتییە، بۆیە پێویستە زکر بکرێت، تاریخەکەی و خۆشی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك أحمد شەریف فەرموو.

**بەڕێز أحمد شریف :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش ڕام وایە کە ئەوە زیادە، ئەمە یەك. دوو، قانون کە دەردەچێت نابێت خەت ڕەجعی هەبێت، یەعنی ئێمە ناتوانین لێرە بڵێین وەلا ئەم قانونە ئیعتبار دەکرێت لە ٢٠٠٣/١٢/٢٩ . بەڕای من هەر ئیهمالی بکەین ئەوە زۆر باشترە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك أحمد، بەڕێز کاکەڕەش نقشبندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا تەبعەن مودەی نەفازی قانونەکە، یەکەم شت قانونی ١٣٧ نافزی مەفعول نییە، هەتاکو بڵێین ئیقاف نەفازمان کردووە، لە فلان تاریخیەوە ئیشی پێ دەکەین، نەوەك هەندێك قەزایە ڕوبدابێ. یەکەم شت نافزی مەفعول نییە و، پاشی دەرچوونی قانونی ئێمە ئەو قانونە نافز نابێت ئەگەر دەریش بچێت، چونکە کە دەریش بچێت قانونی ١٨٨ دەبێتە قانونی تایبەت بە کوردستان، لەبەر ئەوە پێویستی تەحدیدی هێچ تاریخێکی نییە، بڵێین نەفازیتی، لەڕۆژی دەرچوونی، خۆی نەفازی دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاکەڕەش نقشبندی، بەڕێز کاك حوسێن عارف فەرموو.

**بەڕێز حسین عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە خۆی لەخۆیدا قانونە، هەموو قانونێکیش نەفازی پێویستە، یەعنی دەقی پێویستە، دەبێت نافز بێت لە تاریخێك بەپێی رەجعی بێت یان بۆ لەمەو دوا بێت، لەبەر ئەوە فیعلەن ئەو ماددەیە پێویستە، جا تاریخەکە یەکسەر رەفعی کەن، چونکە خۆی لەخۆیدا قانونە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك فرسەت فەرموو.

**بەڕێز کاك فرسەت احمد/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رەئی کاك حوسێن عارفم، چونکە هەر قانونەك فیعلەن تاریخی نەفازی هەیە، ئەما مەوزوعی ئەسەر رەجعی، مەبدەئێکی موتڵەق نییە،ئەسەر رەجعی ئەگەر حەزت لێ بێت مافێك بپارێزی و ماوەکە تێپەڕ ببێت،دەتوانی قانونەکە بە ئەسەر رەجعی تەشریعی بکەی، بەڵام دائیمەن ئەسەر رەجعی لە قەزایەی جەزائی نابێت بۆ پشتەوە بێتن،نابێت ماددەیەك ئەمڕۆ تەشریعی بکەی، شتێك بکەیە جەریمەیەك دوێنێ کرابێتن، مەعەل عیلم دوێنێ ئەو فعله موباح بێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وازیحە بەڕێز کاکەڕەش؟ بابەتەکە وازیحە؟ نەفازی دەوێ چونکە قانونە. (اعتبار من تاریخ صدوره) بەڕێز کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەجموعەك ئەسالیب هەنە بۆ دیاری کردنی تاریخ، ئەوەی بەڕێز کاك فرسەت باسی کرد جائیزە فیعلەن لە قەزایەی مەدەنی و باری کەسایەتی قەسەك بگەڕێیەوە پاش. یەك ئیمکان هەیە تاریخی تەنفیزی تەحدید بکەی لەرۆژی ئیقرار، یەعنی دەتوانی بڵێی (ینفذ اعتبارا من تاریخ اقراره و ینشر في جریدة وقائع کوردستان ) و هەروەها دەگۆترێ (ینفذ اعتباراً من تأریخ صدوره وینشر) و ئیمکان هەیە بگۆترێ (اعتباراً من تاریخ نشره) بۆیە لەبەر ئەوەی بەڕای من بگۆترێ (اعتباراً من تأریخ صدوره وینشر في جریدة وقائع کوردستان) ئیعتیادی دەڕوات و،قانونەکە ئەمڕۆ تەشریع دەکرێ بەیانی لە پەرلەمان ئیصدار دەکرێ و ئیعتیادی دەڕوات، لەبەر ئەوەی تاریخی (٢٩) پێویست نییە ئێمە تەحدیدی بکەین، وەڵا بڵێین لە (٢٩) و، بڕەك مەسئەلەکە جەلبی نەزەر دەکات موجەب نییە لە (٢٩) و،رەئسەن قانونەکەش دەڵێ چی وەکو هەر قانونێکی تری ئاسایی و، بەڕای من ڕێکتر دەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمووماندەزانین قانونی (١٣٧) نافز مەفعول نییە،ئەگەر بێیە ناحیەك ئێمە پێویستیمان بەو قانونە نەبوو، چونکە قانونەکە ئەصڵەن مەوجود نییە، بەڵام لەبەر هەندێك ئیعتباراتی مەعنەوی و ئەدەبی و سیاسی، پێویستیمان بەو قانونە هەبوو، قانونەکە لە ٢٠٠٣/١٢/٢٩ دەرچووە، ئەگەر وا تەصەورم کرد یان وا تەسبیتم کرد کو ئەو قانونە ئەوەی ئێستا لەبەر دەستمانە، ئەمڕۆ نافزی مەفعول بێت، خەڵکێك وا تەفکیر دەکات لە ١٢/٢٩ تاکو ئەمڕۆکە کامە قانون نافزی مەفعول بوو؟ من باش دەزانم قانونی باری کەسایەتی ١٨٨ نافزی مەفعول بوو لە بیدایەت هەتا ئەمڕۆ،بەڵام لەبەر ناحیەی سیاسی و ناحیەی ئیعتباری بەڕای من ئێمە پێویستیمان بەو ماددەیە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك أحمد شەریف.

**بەڕێز أحمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەو دەرگایە لەخۆمان نەکەینەوە،قەوانین و قەرارات دەربکەین بە تاریخی ئەسەری ڕەجعی، من پێم وایە ئەوە شتێکی زۆر زیادە من لەگەڵ ڕەئیەکەی بەڕێز کاکەڕەشم، بەڕای من دەبێ هەر بنووسرێ (اعتبارا من تاريخ صدوره ونشره في جريدة وقائع كوردستان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەڕەش نەقشبندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە قانون بۆ ئەو لایەنە دەردەکەین ئەوەی تەنفیزی دەکات، مەحاکم ئەو قانونە تەنفیز دەکات، مەحاکم لەوە دەگات کامە قانون نافزی مەفعولە یان نافزی مەفعول نییە، لەبەر ئەوە مەسئەلەکە بۆ خەڵك نییە، وەڵا خەڵك وا تێدەگات کە عەلائەساس ئەوە لە (٢٩)ی مانگەوە دەرچووە، ئەو قانونە مونەفەز نییە، کە بچێتە مەحاکم هەر دەعوایەك بچێت بە قانونی ١٨٨ موعالەجەی دەکات لەگەڵ ئەو قانونانەی کە لە پەرلەمان دەرچووە، لەبەر ئەوەی پێویستی بەوە نییە (ينفذ من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان)، لەبەر ئەوەی پێویست بە (٢٩) ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە؟ بە ئیتفاق لە بەینمانا (يعتبر هذا القانون نافذا اعتبارا من تأريخ صدوره) ماددەی چوار وا بخوێنەوە.

**بەڕێز أحمد شریف:**

المادة الرابعة:

يعتبر هذا القانون نافذا اعتبارا من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی چوار پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی چوار بەگشتی دەنگ وەرگیرا. تکایە ئەسباب موجیبەش بخوێننەوە تەنها بیخوێنەوە نایدەین بە دەنگدان.

**بەڕێز أحمد شریف:**

الأسباب الموجبة

حيث أن قانون الأحوال الشخصية رقم (١٨٨) لسنة ١٩٥٩ يعتبر مكسباً مهماً لشعب العراق بعد أن وفق بين الأحكام الشرعية والقوانين الوضعية وآراء الفقهاء أكثر أنسجاماً وتماشياً مع روح العصر لضمان استقرار حياة العائلة وحقوق الفرد من خلال توحيد مصادر القضاء بإيجاد تشريع موحد في أحكام الأحوال الشخصية لإقامة بناء عائلة مستقرة الأوضاع ضامنةً الحقوق الشرعية للمرأة التي تعتبر نصف المجتمع والأولاد وهم جميعاً عماد المجتمع ولبنات بنائه وصولاً لتحقيق العدالة والتوازن والأستقرار الأجتماعي ولما كان المجلس الوطني لكوردستان العراق قد أغنى قانون الأحوال الشخصية من خلال إضافات تشريعية خاصة باقليم كوردستان نالت الأستحسان من شتى قطاعات المجتمع الكوردستاني وشرائحه في حينه وإن العمل بقرار مجلس الحكم المشار اليه يعني إلغاءًا للأحكام المضافة وتشكل خطوة الى الوراء لم ولن تلق القبول العام، وبما أن القرار رقم (١٣٧) الصادر في ٢٠٠٣/١٢/٢٩ سيؤدي في حالة نفاذه الى تعدد وتشتت مصدر الأحكام والى تبديد الثروة الكبيرة لأحكام القضاء والسوابق القضائية الشرعية المتراكمة منذ عقود عدة، لذا فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. بەڕێزان هەموو یاساکە ئەخەمە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو یاساکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس،ئەو ئەندامە بەڕێزانەی هەموو یاساکە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، یاساکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا. فەوزیە خان قسەت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.پێشەکی سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەموو برایانی ئەندام پەرلەمان دەکەم، کە هەمیشە پاڵپشتی مافی ڕەوای ئافرەتانی کوردستان بوونە و، ئافرەتانی عێراقیش، لێرەوە من داوا لە سەرۆکی پەرلەمان دەکەم کە ئیزنمان بدات ئێمەی لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤیش هەروەها لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی یاداشتێك ئامادە بکەین، بۆ زیاتر پاڵپشتی کردنی ئەو بڕیارەی کەوا ئەمڕۆ دەرچووە بیدەینە ئەنجومەنی حوکم، بۆ ئەوەی زیاتر ئاگاداری ئیشەکانمان ببن و بۆ ئەوەی داوا بکەین کەوا ئەو یاسایەی ١٣٧ نەك ڕاوەستێنرێ، بەڵکو ئیلغا بکرێت، بەڵکو لە دانیشتنێکی ئەنجومەنی فەرمان ڕەوا یاساکە هەڵبووەشێندرێتەوە بە دەنگدان، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە بە نووسراو تەقدیم کەن بۆ ئەوەی موناقەشەی بکەین و بیخەینە جەدوەلی ئەعمالەوە، بەڕێز کاك د.ناصح فەرموو.